# هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام و
# مایەپووچی مەزهەب و سیاسەت لە کوردستاندا..

دارا مەحمود

وازهێنان لە ئایینی ئیسلام و چوونە سەر ئایینی مەسیح خەریکە لە شارو شارۆچکەکانی باشووری کوردستاندا، بە دزی و بە ئاشکرا دەبێتە دیاردەیەک. و هەروا لە ئەوروپاو ڕۆژئاواش بەگشتی بەسەدان کورد دەستیان لە ئیسلام هەڵگرتووەو بوون بەمەسیحی. چەند هەفتە لەمەوبەر لە ئەڵمانیا، کۆنفرانسێک لەلایەن کڵێسای سەر بە ئینجیلگەرایانی نوێ بۆ ئەو کورد مەسیحیانە بەسترا. کە پتر لە سەد کەس بەنوێنەرایەتی هاوئاینانی نوێیان لە وڵاتانی جۆربەجۆری ئەوروپاو کەنەداوە، کە زۆربەیان خەڵکی باشووری کوردستان بوون، بەشداریان تێداکرد. جێگای سەرنجە کەلەناو ئەو ژن و پیاوە کوردانەی بوون بە مەسیحی قوتابیانی زانستگا، مامۆستایانی قوتابخانە، هونەرمەندان، وهیتر دەبینرێن...
وازهێنان لە ئاینێک و چوونەسەر ئاینێکی تر بەشێوازە گشتییەکەی کارێکی سروشتییەو هەمیشە هەبووە و بەردەوامیش دەبێت. بەڵام کاتێک لەتاکەوە دەربازی گروپ دەبێت، لە شێوازە سروشتییەکەی دێتە دەرەوە. بەتایبەتیش بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرج و بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان، ئەو پرسە بە مێشکی مرۆڤدا ڕێت دەبێت، کە، چی وا لەو کوردانە دەکات پۆل پۆل واز لە ئاینی ئیسلام بهێنن و ببن بە مەسیحی..؟ و ئایا وەها دیاردەیەک بەدیوی باشیدا ببینین یان خراپ..؟ و ئایا کاتێک مرۆڤ ناڕاستی ئاینێکی بودەردەکەوێت و وازی لێ دەهێنێت، ئەمە بەڵگەی ڕاستی و دروستی ئاینێکی تری ڕەقیبییەتی..؟
بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسانە، دەکرێ لە زۆردیدەوە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە ئەنجام بدرێ و ڕەنگە بەهانەیەکیش بێت تا لەچەند بابەت لەم بارەیەوە بدوێین.

## <u>مایەپووچی مەزهەب و سیاسەت</u>

ئیسلامی سیاسی بەگشتی، لەم چەند دەهانەی دواییەدا، هاوکات لەگەڵ زیندووبوونەوەی ڕەوتە جۆربەجۆرەکانی مەزهەبی و ناسیونالیستی و موحافەزەکاری لە جیهاندا، وەک ئەلتەرناتیڤێکی ئایدیولۆژیا سکولارەکان هاتە ناو گۆڕەپانی سیاسەت و مژدەی ڕەهایی ڕاستەقینەی مرۆڤ و بەدەستخستنەوەی سەروەری و ئابرومەندی لەم جیهانە خاکیەداو بەهەشتیش لە ئاخیرەدا بەخشیەوە. و تاکە میکانیزمی بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش هەمان ئەوپرۆژە کۆنەبوو کە پتر لە چواردەسەدە کاری لەسەرکراوەو بەچەندەها مۆدێل تاقی کراوەتەوەو سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە. و لە جیاتیان بەکوژدانی پتری خەڵک و خوێنڕشتن و وێرانکردن بۆتە سیمای هەرەدیاری بزووتنەوە ئیسلامییە جۆربەجۆرەکان. بەجۆرێک لەگەڵ ناوهێنانی ئیسلام مرۆڤ یەکسەر

چەمکەکانی وەک تێرۆرو تێرۆریستی بە مێشکدا دێت.
هەروا ئیسلامی سیاسی بەبێ ئەوەی مەبەستی بێت و بەخۆی زانیبێت. ڕووی ڕاستەقینەی خۆی بۆ هەزاران و ملیۆنان خەڵکی مەست و سەرگەردانی ناو تاریکستانی مەزهەب ئاشکراکرد،و دروشمەکانی هەرچییەک بن لە ئاکامدا نوێنەرایەتی جەهل و خورافات دەکات. و ئەگەر وەک ڕاستییەکیش ئەمە بسەلمێنین کە دەکرێ ڕۆڵی مەزهەب لە هەندێک قۆناغی دیرۆکیدا و لە هەندێک ڕووی دیاریکراوەوە ئەرێنی بێت..! ئەوە بە دڵنیاییەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆیدا بەتەواوی دەستبەرداری ئەو ڕۆڵە بووە.
بەمجۆرە مەزهەب لە سەر دوو ئاست خۆی هێنایە پێش و لەسەرێکەوە برەوبەخشی سەرلەنوێ و دەرهێنانی خاوەن باوەڕان لەماڵ و مزگەوت بۆناو ئایدیۆلۆژیایەکی بەرفراوانترو کاریگەرتر و یاریکردنی دووبارە لەسەرژێیە لاوازەکانی مرۆڤ وەک: ترس لەمەرگ، ترس لە سوتان و شکەنجەی دۆزەخ،خولیایی تێرکردنی هەوەس و ئارەزووە جۆربەجۆرەکان...و چەندانی تر. و لەسەرێکی تریشەوە بووە مایەی بێهیوایی یەکجارەکی بۆ گەلێکان بەتایبەتی موسوڵمانانی ئەوروپا دیدە کە بە ناچاری دەکەونە بەراوردکردنی نێوان کڵێساو مزگەوت، کەشیش و مەلا،ڕەفتارو گوفتاری ڕۆژانە،جیاوازی دیدەکانی هەردوولا بۆ بابەتەکانی وەک ئازادی، مافەکانی ژن، خۆشگوزەرانی..
لەهەموو ئەمانەش بترازێت دواکەوتوویی حاشا هەڵنەگری جیهانی ئیسلام م و موسوڵمانان لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی و دەرکەوتنی ئیسلام چ وەک دەسەڵاتی سیاسی و یانیش بزووتنەوە و پارت و ڕێکخراوی جۆربەجۆر،لە دزێوترین مۆدێلەکانی خۆی وەک لە ئەفغانستان، سۆمال، عەرەبستانی سعودی،فەلەستین، ئێران، عێراقدا... ئەوپرسەی لای گەلێکان دروست کرد کە چۆن دەکرێ ئاینێکی خوداوەندی بەو جۆرە بێت وهێندە دژەمرۆڤ،دژەژیان،دژەجوانی...وجەهالەت پەرست، چۆن دەبێ هێندە دڵڕەق و بێ بەزەیی، هێندە خۆێنڕێژو وێرانکەر بێت..؟ئەگەریش ئەمانە ساختەن و نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی ئیسلام ناکەن، ئەدی کوا ئیسلامە ڕاستەقینەکەو مەگەر هەر لەدەستپێکەوە وەها نەبووە..؟
بەر لەوەی بکەوینە هەڵسەنگاندنی باش یان خراپی ئەم هەڵبژاردنە، دەبێ ئاوڕێکیش لەدەسەڵاتی سیاسی لەباشوری کوردستان و بزووتنەوەی سیاسی کورد بەگشتی و لەسەر ئاستی گشت پارچەکان بدەینەوە. کە هەموو ئەمانە، واتا چ دەسەڵاتی سیاسی و چ ئەو پارت و گروپانەی ناوی ئیسلامیان بەخۆوە نەلکاندووە، وەک سکولار خۆ پێناسە دەکەن. لە حاڵێکدا دووڕوویەکی ئاشکرا بەم ئیدیعایانەوە دیارەو کۆمۆنیستەکانی لێ دەرکەی سەرتاپای ئەوانی تر هەمیشە لاقێکیان لە ناو مەزهەب و ئەوەکەی تریشیان لەناو سکولاریزمدا بووە. بەمەش بەخۆیان زانیبێ یان نا، پتر لەوەی سکولار بووبن نوێنەرایەتی مەزهەبیان کردووەو ڕێگا خۆشکەرو برەو پێدەری مەزهەب بوون: یاساکانی پشتبەستوو بە شەریعەتی ئیسلام، پەیوەندی هاوسەری و پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا، شانازیکردن بەوەی کورد موسوڵمانە لەزاری پتر لە بەرپرسێکی هەرەسەرەوەی دەسەڵاتی سیاسیەوە، پێداگرتن لەسەر نەریت و پارێزگاریکردنی ئەونەریتە، مەنهەجەکانی خوێندن، پەنابردن بۆ پیاوانی ئاینی و بەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندی سیاسی و بەتایبەتیش لەکاتی قەیرانەکاندا،ڕەوابەخشین و جوانکردنی مەزهەب و ڕیکلام بۆکردنی لەڕێگای میدیاو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بەوەی ئیسلام ئاینێکی خواوەندییەوە باشترینی ئاینەکانە، و نیشاندانی بەرپرسان لەکاتی نوێژکردن و ڕۆژوگرتن و چوونە حەج وەک ئەوەی کارێکی پیرۆزیان ئەنجامدابێت...هتد بەڵگەی ڕاستی ئەم قسەیەن. و تەواوی ئەمانە بە ناوی ڕێزگرتن لە ئایینەوە پەیڕەودەکرێت. لە

حاڵێکدا ڕێزگرتن له بیروباوەڕی ئاینی شتێکی ترەو لەچەند خاڵی سادەدا خڕدەبێتەوە وەک: ڕێگادان بەهەڵبژاردنی ئازادانەی خەڵک بۆ ئەو مەزهەبەی باوەڕیان پێیەتی، بێ دەستێوەردانی دەسەڵات و برەوپێدانی یەکێک لەسەر حسابی ئەوی تر، و ڕێگەنەدان به سزادانی ئەوکەسانەی باوەڕە مەزهەبییەکانی خۆیان دەگۆڕن. تەرخانکردنی شوێنەکانی عیبادەت و پاراستنی ئەو شوێنانە، بەڕەسمی ناسینی بۆنە ئاینییەکان و کردنی ئەو بۆنانە به پشووی ڕەسمی بۆ لایەنگرانی ئەو مەزهەبە.

کاتێکیش کەدەسەڵات و گروپە بەناو سکولارەکان بوونە ڕووی مەزهەب، ئیتر نەیانتوانی کۆمەڵگا له جەهالەتەوە بەرەو زانایی، لەتاریکییەوە بەرەو ڕۆشنایی بەرن و هەر بۆیەش له تەواوی ئاکامە مەترسیدارەکان بەرپرسیارن.

بەڵام دیسانیش ئایا دەستهەڵگرتن له ئاینی ئیسلام و هەڵبژاردنی ئاینێکی تر بۆنموونە مەسیحییەت ئەلتەرناتیڤێکی بەجێ و کارێکی سەرکەوتووانەیە..؟

دیدی نێگەتیڤانەی ئێمە بەرانبەر مەزهەب له هەر ئاستێکدا بێت، نابێ هیچکات لەمپەر له ڕێگای هەڵبژاردنی ئازادانەی تاکدا بۆ ئەو مەزهەبەی باوەڕی پێیەتی دابنێت، و لەمڕووەوە بوونی کوردێک به مەسیحی بەبێ ئەوەی ئەو بەراورده بکەین که ئایا ئاینی مەسیح باشتره یان ئیسلام، کارێکی پۆزەتیڤانەیە. ئەمەش لەم دیدەوە که تاک له ڕووی باوەڕی خۆیەوە ئایین هەڵدەبژێرێت نەک لەسەر بنەمای کلتوری و سەپاندن و پێ تەڵقینکردن له لایەن دایک و باوک وماڵبات و کۆمەڵگاو دەسەڵاتەوە...هەروا لەبەر ئەمەش که کارێکی وەها بەتایبەتی بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئەم سەردەمەی کۆمەڵگای ئێمە بوێرییەکی زۆردەخوازێت و بەگشتی جۆرێک یاخیبوونه له کولتوورو نەریت..شایستەی ڕێزلێنانه.

بەڵام وەڵامی پرسەکان بەمەنده تەواو نابێت، و ئایا ئەگەر کەسێک پێی وابێ ئیسلام بریتییه له ئاینێکی ساختە، بەم واتایەیه که مەسیحیەت ئاینێکی ڕەسەن و ڕاستەقینەیە...؟ ئایا ئەگەر ئەو بەهەشتەی ئیسلام بەڵێنی پێدابووین بەدرۆ دەرچووبێ،له مەسیحیەت وەدەستمان دەکەوێت...؟ وئایا پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوا لەناوچەوانی مەسیحیەتەوە بزانین...؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسانه به بەڵێ فریوخواردنه به ڕواڵەت و ناشارەزاییه به دیرۆک و ڕیشەو خەسڵەت و ماهیەتی مەزهەب.

ئەم ڕێگایەی ئەمڕۆ ئاینی ئیسلام بەسەریدا دەڕوات، چەندسەده پێش مەسیحیەت گرتبوویه بەر. و ئەو لاپەڕە ڕەش و پڕ شەرمەزاریانەی مەسیحییەت له دیرۆکدا بەناوی خۆیەوە تۆماری کردون هێنده زۆرن که له ژماردن و دەستنیشانکردن نایەن و بەسه بیرمەند و خواپەرستێکی وەک ڤۆلتێر لەسەردەمی خۆیدا مەسیحییەت به شانزه سەده بەربەریەت پێناسه بکات.

کەم جەنگی گەورەو بچوک هەیه دەستی نادیاری مەسیحیەت لەهەڵگیرسان و خۆشکردنی ئاگرەکەیدا نەبووبێت: جەنگەکانی دووسەدساڵەی خاچپەرستان، جەنگی سەدساڵەی نێوان فەرەنساو ئینگلستان، و دووجەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی نموونەی هەره دیارو نزیکی ئەم ڕاستییەن.

ئەمڕۆ که موسوڵمانه تەکفیریەکان بەهەوای شان فتوای ڕشتنی خوێنی تاک و کۆمەڵ دەردەکەن، شتێکی نوێ نییه. بەڵکو دیرۆک جارێکی تر خۆی دووبارەدەکاتەوە. چونکه ئەمه کاری مەسیحییەکانی چەند سەده بەرێیه.

لەسەدەی سیانزەهەمی زاینیدا یەکێک لەشارەکانی باشووری فەرەنسا دژی کڵێسای کاتولیک راپەڕینیان ئەنجام دا. ڕێبەری مەسیحیانی ئەوکاته پاپا ئینۆسانی سێهەم فەرمانی سەرکوتکردنی

ڕاپەڕینی دەرکردو ئەوئەرکەشی بەدەربەگەکان سپارد. کاتێک دەربەگەکان لە نوێنەری پاپایان پرسی کە چۆن گوناهکاران لە بێ گوناهان، خاوەن باوەڕان لە بێ باوەڕان جیاکەنەوە نوێنەری پاپا وەڵام دەداتەوە: ( ئێوە هەمووان بەزەبری شمشێر لەناو ببەن. پاشان خوا بۆخۆی دەزانێ کێ خاوەن باوەڕەو لەو دنیا پاداشی دەداتەوە)1

لەکاتی خۆئامادەکردن بۆ یەکەمین جەنگی ناسراو بە خاچپەرستان بۆ سەرزەمینی فەلەستین ودەڤەری ڕۆژهەڵات پاپا لە وتارێکیدا ڕووبەڕووی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی یەکێک لەشارەکانی خوارووی فەرەنسا دەڵێت: (لەو سەرزەمینە شیرو هەنگوین وەک ڕووبار دەڕژێتە خوار، باهەمووان دژی کافران(مەبەستی موسوڵمانانە) ڕاپەڕن، لەم جەنگەدا دەستکەوت گەلێک دەبێت، با ئەوانەی لە ڕابردوودا چەتەبوون ئەمڕۆ ببنە جەنگاوەر، ئەوانەی لێرە غەمگین و دەسکورتن لەوێ شادو دەوڵەمەند بن..)2

ئەو موسوڵمانە تەکفیریانەی ئەمڕۆ بیرمەندان و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان بە کافرو لەدین وەرگەڕاو تاوانبار دەکەن و تیرۆریان دەکەن، میراتگرانی بەئەمەک و وەفاداری مەسیحیانی ئەهلی کتابن کە ساڵی 1600ز زانایەکی وەک (ژیوردانو برونو)یان، بەتاوانی لایەنگری لە تیوری کوپرنیک کە دەیسەلمێنێ زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، بەزیندوویی سووتاند.3 و ئەگەر گالیلەی تەمەن حەفتاساڵ زوو تۆبەی نەکردایە و لەبۆچوونەکانی خۆی پەشیمان نەبووایەوە بەهەمان تاوان بەدەردی برونۆیان دەبرد.

مەسیحییەت سەرەڕای نەیارانی، دەستی لە مەسیحیان و تەنانەت پیاوانی ئاینی خۆشی نەدەپاراست و ئەوە فتوای مەسیحیەت بوو بواری بەدەسەڵاتی پاشایەتی بەخشی سەری کەشیشی مرۆڤدوست و بیرمەندی ئینگلیزی تۆماس مۆر (1535–1478) بەتۆمەتی ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی ڕۆحانی پادشا،لەلاشە جوێکاتەوە.

گومانێک لەمەدا نییە کە لە بەراوردکردنی ئاینێک لەگەڵ یەکێکی تردا دەکرێ لایەنە باشەکانی یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا زاڵ بێت، و تەنانەت دەکرێ ئاینێک لە قۆناغێکی دیاریکراوی دیرۆکیدا ڕۆڵی ئازادیخوازانەش بگێڕێت و بکەوێتە بەرەی زۆرینەی خەڵک و داکۆکی لە مافی بەشخوراوان و چەوساوانیش بکات. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بەمجۆرە ئاینێک دەبێتە ساختەو ئەوی تر ڕەسەن و ڕاستەقینە. بەڵکو ئەمە نیشاندەری خەسڵەتی دووفاقەیی و بەیەک ناکۆکی مەزهەبە.

(مەسیحییەت وەک گەوهەرێکی هەمیشە زیندوو هەڵناسەنگێنرێ بەڵکو فۆرمێکی فەرهەنگییە کە لەسەردەمە جیاجیاکاندا گۆڕانی بەسەردا دێت: مەسیحییەت سەرەتا مەزهەبی کۆیلەکان بوو. پاشان بوو بە ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتیی دەستگای ئیمپراتۆری ڕۆم.)4

ئەم ڕاستییەی سەرەوە دەربارەی ئاینەکانی تری وەک جوویی و ئیسلامیش هەر ڕاستە. و لەمڕووەوە مارکس لە پێناسە بەناوبانگەکەی خۆیدا بۆ مەزهەب دەڵێت: (شکەنجەی مەزهەبیی لەیەک کاتدا ڕاڤەی شکەنجەی واقیعی و پرۆتێستی شکەنجەی واقیعییە. مەزهەب ناڵەی مرۆڤی ستەمدیدەیە. هەستی جیهانێکی بێ هەستە. بەرهەمی دۆخێکی غەیرە مەعنەوییە. مەزهەب ئەفیونی گەلانە.)5

بەمجۆرە مەزهەب چەندە بۆتاک ئارامبەخش بێت و لەقۆناغێک لە قۆناغەکاندا لە بەرەی خەڵکدا بێت، لە ئاکامدا هەموو جۆرەکانی لەو خاڵەدا یەکدەگرنەوە کە هەڵخەڵەتێنەر و گومڕاکەرن.

پێشکەوتنی ئەمڕۆیی ڕۆژئاوا بەرهەمی مەسیحییەت نییە، بەڵکو بەرهەمی کۆمەڵێک فاکتەری تر لە سەرویانەوە سکولاریزمە. دەنا ئەگەر وانەبووایە وڵاتانی ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتینیش دەبووایە

ئەمرۆ هاوشانی ڕۆژئاوای پێشکەوتوو بوونایە.
گەرچی ئەو مافە بەخۆمان نادەین مافی پەیڕەوکردن و هەڵبژاردنی مەزهەب لە تاک زەوت بکەین، بەڵام دەبێ خۆ لەو ڕاستییەش نەبوێرین کە خۆڕزگارکردن لە پۆخڵەواتەکانی مەزهەب بە گۆڕینی مەزهەبەکان،یان پەسەندکردنی یەکێکیان و ڕەتکردنەوەی ئەوی تریان نابێ. بەڵکو بە دامەزراندن و چەسپاندنی سیستەمێکی سکولار. کە مەزهەب لە خانەی شایستەی خۆیدا دابنێ. دێتە کایەوە.
سکولاریزم وەک هەندێک پێیان وایە بەواتای دژایەتی کردنی مەزهەب نایەت. بەڵکو لەدەوڵەت جیای دەکاتەوەو ڕێگاش لە بەکارهێنانە خراپەکانی دەگرێت. ئەمەش بەرلەهەرشت لە خزمەتی خودی مەزهەبەکەو پاکڕاگرتنیدایە.

پەراوێزەکان
1– ا.و آگیبالووا– گ.م. دنسکوی، تاریخ سدەهای میانە. ترجمە: رحیم رئیس نیا. انتشارات پیام. چاپ دوم تهران–2537ل118–119
2– هەمان سەرچاوە ل121
3– هەمان سەرچاوە ل337
4– میشیل لووی–حسن مرتضوی– دربارە تغییر جهان. مقالاتی دربارە فلسفە سیاسی از کارل مارکس تا والتر بنیامین. انتشارات روشنگران و مطالعات زنان. چاپ اول . تهران 1376–ل52
5– شایانی گوتنە کە ئەم دەربڕینە تایبەت بە مارکسیزم نییەو بەر لە مارکسیش لە چەندان دەقی جۆربەجۆر و لە بەرهەمەکانی کانت،هێردەر، فورباخ،برونوباور،وهاینە،دا...هاوشێوەی ئەو دەبینینەوە.
بڕوانە: میشیل لووی. سەرچاوەی پێشوو. ل51

www.daramahmud.blogspot.com

Darachimen@hotmail.com
17/7/2006